# بە پێی بەڵگەنامە مێژووییەکان خانەقین یەکێکە لە ناوچە کۆنەکانی هەرێمی کوردستان

**له رێكەوتی ٢١/ ٨ ئەنجوومەنی شارەوانی شاری خانەقین بڕیاری مێژوویی لەمەر شارەکەیان دەرکرد تێیدا نووسراوێکیان ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان وپەرلەمانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە و قائیمقامیەتی خانەقین و حزبە کوردستانییەکان کردووە کە تیادا داوا لە حکوومەتی عێراق دەکەن، ئەندامانی ئەنجوومەنی قەزای خانەقین کە لە نوێنەری هەریەک لە تورکمان و عەرەب و هەریەک لە حزبە کوردییەکان پێکهاتووەوە ژمارەیان لە ئێستادا لە ١٩ کەس پێکهاتووە بە کۆی دەنگ داوایان کرد کە لە زنجیرە چیاکانی حەمرینەوە تا وەکو چیای زمناکو بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان.**



**بیلال سەعید- خانەقین**

خانەقین بە پێی بەڵگەنامە مێژووییەکان یەکێکە لە ناوچە کۆنەکانی هەرێمی کوردستان و، ٥٠ کم دوورە لە شاری کەلارەوە وە بە کەمتر لە ٢٠ کم لە خاکی ئێرانەوە دوورە ئێستا ژمارەی دانیشتووانی ئەم شارە زیاتر لە ١٧٥٠٠٠ دەبێت. هەریەک لە نەتەوەکانی کورد و عەرەب و تورکمان لەم شارە دەژین ، هەریەک لە مەزهەبەکانی شیعە و سوننە پێکدێن کە ڕێژەی شیعە لەم شارە سەرووی ٥٠٪ پێکدێنێت. بەلام شیعەکانی خانەقین کاریگەری نەتەوایەتی لە سەریان زاڵە. ئەمەش لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەرکەوت کە کە لیستی هاوپەیمانی لە سەرووی ٩٠٪ هێنا.

**سەمیر محەمەد سەرۆکی ئەنجوومەنی شارەوانی خانەقین:**

بۆ ماوەی ٨٥ ساڵە دابڕاوین لە هەرێمی کوردستان و بۆ گەڕاندنەوەی خانەقین تاوەکو ئێستا چەند خۆپیشاندانێک کراوەوە ریفراندۆمێکی گەورە کراوە ٩٩٪ خەڵکی خانەقین داوایان کردووە بخرێنە سەر هەرێمی کوردستان. بۆیە لە ٢١ی مانگ ئەم بڕیارەمان دەرکرد چونکە ڕۆژێکی مێژووییە، ڕۆژی دادگایی کردنی سەددام حوسێنی دکتاتور بوو کە ئەنفالی بەرامبەر نەتەوەکەمان ئەنجامداوە، ئێمە ئەو ڕۆژمان بە جەژن دانا ، بۆیە ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی خانەقین لەو ڕۆژەدا ئەو بڕیارەمان دەرکرد .

لە وەڵامی ئەوەی کە ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بڕیارێکی لەو شێوە لەم کاتەدا هۆکاری ئەوەیە کە ئەنجوومەنی شارەوانی خانەقین دەترسێ لەوەی کە پێش جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ ئەو بڕیارەی دەرکردووە نەوەک ئەو کاتە لە ئێستا کە کورد دەتوانێ دەنگ بهێنێ بۆ ئەوەی خانەقین بکەوێتە سەر هەرێمی کوردستان

– نەخێر ئەوە ئەوە ناگەیەنێ بەڵکو ئەم بڕیارە داواکارییەکی ڕەوای شاری خانەقینە و ئێمە بۆیە ئەم دەستپێشخەرییەمان کردووە .

دەربارەی ئەوەی لە کاتێکدا کە پەرلەمانی عێراق



ئامادە نەبوو بڕیارەکەتان جێبەجێ بکرێت، سەمیر گووتی: ئەگەر نەکرا ئێمە ریفراندۆم لە پێشمانە، ئەوکات بە تەئکید کورد دەتوانێ بە دەنگدان شارەکەیان بخەنە سەر هەرێمی کوردستان و کورد لەخانەقین ۹۹٪ دەبێت. بە ناوچەکانی دیکەی دەوروبەری خانەقینەوە کورد زیاد لە ٦٠٪ پێکدینێت . لەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە زیادلە ٢٠٪ هاووڵاتییانی ئەم شارە نەگەڕاونەتەوە بۆ خانەقین ئەوەش بە هۆی کەمی خزمەتگوزاری شارەکەیە. هەروەها بەهۆی ئەوەشەوە کە لە شارەکانی دیکە مولک و ماڵیان هەیە بۆیە ناتوانن بگەڕێنەوە ، بۆ گەڕانەوەی زۆرترین هاووڵاتی کورد بۆ شاری خانەقین ئیدارەی خانەقین ڕێژەیەکی زۆر زەویمان دابەشکردووە .

لە کاتێکدا ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکراوە، گەڕانەوەی خانەقین هێلرایەوە بۆ کاتی ڕیفراندۆم لە سەر مادەی ١٤٠، لە کاتێکدا ئێستا ڕۆژانە ڕێژەیەکی زۆر عەرەب دێنە ناوچەکانی دەورووبەری خانەقین ئەوە کاریگەری نابێت بۆگەڕانەوی خانەقین بۆسەر هەرێمی کوردستان؟

– بە ڕاستی ئەوەی دێتە خانەقین عەرەب نییە بەڵکو ئەوانە خانەقینین، بەڵام ٢٠ ساڵ زیاترە لە خانەقین دەرچوون، ڕاستە منداڵەکانیان کوردی نازانن، بەڵام کوردن، لە ڕاستیدا گومان لە هەرکێ بکریت دەینێرینە نووسینگەی لێکۆڵینەوە لەوێ بڕیاری لەسەر دەدریت و هەرچەندە چەند ماڵیک هاتوونەتەوە بۆگوندێک بەڵام زۆر کەمن دەبێت بە زووترین کات چۆلی بکەن، بۆئەمە ش ئاگاداریمان داوەتە هەریەک لە پۆلیس و ئاسایش بۆ ڕێگە گرتن لێیان ، کەس ڕێگە نادات بە عەرەب بگەڕێتەوە .

لەوەڵامی ئەوەی کە ئایا لە کابینەی حکوومەتی هەرێم وەزارەتی ناوچە تازە ئازادکراوەکان هیچ هاوکارییەکی ئێوە دەکات؟

گووتی: بەداخەوە تا ئێستا هیچ پە یوەندییەکیان پێمانەوە نەکردووە واپێویستی دەکرد نوێنەرێکیان بناردایە بۆ ئەوەی پێشنیاریان بۆمان بکردایە چونکە ئەوان ئەزموونێکی دوورو درێژیان هەیە لەو بارەوە بۆ ئەوەی بزانین ئیشی چی بکەین .

**عەباس فەیزوڵڵا ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی خانەقین لەمەر بڕیارەکە گووتی:** ئێمە بەکۆی دەنگ بڕیارەکەمان قبووڵە وە بەراستی ئەگەر ئەم بڕیارە پێش ساڵێک بڕیاری لەسەر بدرایە لەوانەیە عەرەب و تورکمان ڕازی نەبوونایە، بەڵام ئێستا بەپێچەوانەوە بەقەناعەتەوە داوا دەکەن کە خانەقین بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەم قەناعەتەشیان لەوەوە بۆ دروست بووە کە هەرێمی کوردستان ژیانی خۆشە لەرووی ئەمنییەوە باشە و لە خانەقین ڕاستە شیعە زۆرە، بەڵام هەموویان هەستی نەتەوایەتییەکەیان زاڵە بەسەر مەزهەبییەکەیاندا .

**مستەفا کەمال نوێنەری تورکمان لەمەر بڕیارەکە گووتی** :ئێمە وەک تورکمانەکان بەهەموو شێوەیەک لەگەڵ ئەم بڕیارە داین بە هەموو هێزو توانامان پشتگیری لێدەکەین. با دیواریک بکەین لە بەعقوبە دوورمان بکەنەوە و با ئەوان بە جەواز بێنە خانەقین. لە وەڵامی ئەوەی کە ئەمە قەناعەتی هەموو تورکمانەکانە گووتی: هەمووخانەقینیەکان ئەم بڕیارە یان پیخۆشە بەکوردو عەرەوب و تورکمان و مەسیحییەوە.

**سەلام نوێنەری حزبی شیوعی لە ئەنجوومەنی شارەوانی خانەقین گوتی:** ئەگەر بڕیارەکە جێبەجێ نەکرا ڕێگەی دیکە دەگرینە بەر، ئێمە خۆمان ئێشمان بۆجێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ کردووە لیژنەشمان هەیە بۆ بە دواداچوونی ئەم مەسەلەیە.